## بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر:

# بەر لەکۆتایی ئەمساڵ لەهەولێر چەند هۆڵێکی سینەمایی دەکرێنەوە



دیمانە/ خەلیل بلەیی

**■ عەدنان عوسمان بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر لەدیمانەیەکیدا باس لەڕەوشی سینەما لە هەولێری پایتەخت و گرنگترین کار و چالاکییەکانی بواری سینەما دەکات، هەروەها تیشك دەخاتە سەر ئەو فیستیڤاڵە سینەماییانەی کە بڕیار وایە لەهەولێر ئەنجام بدرێن و هەوڵەکانی بونیادنانی چەندین هۆڵی سینەمایی هاوچەرخ لەپایتەخت.■**



***بەر لەماوەیەك کۆنفرانسێکتان ساز کرد بۆ ڕێکخستنەوەی سینەما لەهەولێر، ئایا بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە هیچیان جێبەجێ کراون؟**

- ئەو سیستەمە تازەیەی کە بۆ بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر پێشنیار کرا دواتر لەکۆنفرانسێکی دوو ڕۆژیدا خرایە بەر دەست سینەماکاران و ئەوانیش بەکۆی دەنگ دەنگیان لەسەر ئەو سیستەمە دا و بەئیمزاوە پەسەندیان کرد، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر وەك تاکە مەرجەعێك ئیشوکارەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی فیلم بەپێی ئەو سیستەمە پیادە دەکات، سیستەمە نوێیەکە بەم زووانە لەدووتوێی کتێبێك یان نامیلکەیەك چاپ دەکرێت و دەخرێتە بەردەم هەموو سینەماکار و فیلمکاران ئەوانەی کە دەیانەوێ زانیاری ورد و درشتیان لەسەر ئەو سیستەمە هەبێت، وەك هەموو لایەك دەزانین کە تا ئێستا بودجە لەپەرلەمان پەسەند نەکراوە بۆیە تا ئێستا هیچ کارێکمان ئەنجام نەداوە.

*** هیچ فیلتەرێکتان هەیە بۆ پۆلین کردن و جیاکردنەوەی فیلمەکان؟**

- بێگومان فیلتەر هەیە و تا ئێستا



ژمارەیەك فیلمساز فیلمی درێژیان هێناوە كە پێشتر ئەزموونی فیلمی درێژیان نەبووە یان لەگەڵ سیستمە نوێیەكە یەك ناگرنەوە ئەمانە بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی ناچنە بەردەم لیژنەی خوێندنەوە سیناریۆی فیلمە درێژەكان و ڕاشكاوانە پێی دەڵێین كە ناتوانێت لەئێستادا فیلمی درێژ پێشكەش بكات، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە كە ئێمە كار بەو سیستمە دەكەین و پابەندی ئەو سیستمە نوێیەین، سیستمەكەش ساڵانە هەموار دەكرێتەوە و چەند خاڵێك هەیە كە پێویستە بەشێوەیەكی پراكتیك كاری لەسەر بكەین بۆ ئەوەی لایەنە باش و خراپەكانی بزانی، بۆیە بەپێی ڕێكەوتنمان لەگەڵ سینەماكاران ئەگەر سیستمەكە كێشە و كەموكوڕی هەبوو، ئەوا لەساڵی داهاتوودا دووبارە هەموار دەكرێتەوە.

*** ئەوە نیوەی ساڵی ٢٠١٢ تەواو بوو بۆ نیوەكەی تر وەك چالاكی فیستیڤاڵ چیتان لەبەرنامەدایە؟**

-لەسیستمەكەدا ژمارەی فیلم و فیستیڤاڵەكان دیاری نەكراوە، بەڵام یەكێك لەكارە گرنگەكانمان كردنەوەی وۆرك شۆپێكی ٤٥ ڕۆژییە بۆ ئارەزوومەندانی سینەما و ئەوانەی حەز دەكەن لەبواری سینەمادا كار بكەن، وۆرك شۆپەكە لەژێر دەستی چەند مامۆستایەكی پرۆفیشناڵ دەبێت لەبواری نووسینی چیرۆك، سیناریۆ، بەرهەمهێنان، دەرهێنان، وێنەگرتن، ڕووناكی، مۆنتاژ، دواتر ئارەزوومەندە بەشداربووەكان دابەش دەبن بۆ چەند گروپێك و هەر گروپێك فیلمێك بەرهەم دەهێنێت بەمەش لەكۆتایی وۆرك شوپەكەدا ١٥- ٢٠ كورتە فیلم لەسەر ئەركی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر بەرهەم دەهێنرێت و وەك فیستیڤاڵێكی جوان نمایشی دەكەین بۆ ئەو كەسانەی كە یەكەم جارە فیلم دروست دەكەن و ئامانجیشمان لەو كارە ئەوەیە كە زیار لە١٠ سینەماكاری گەنج كە بەهرە و توانای شاراوەیان هەیە بدۆزینەوە و بیانخەینە سەر ڕێڕەوێكی ئەكادیمی بۆ ئەوەی بتوانن لەئاییندەدا كار بكەن، جگە لەمە دوو فیستیڤاڵی كورتە فیلم لەبەرنامەماندا هەیە یەكیان بۆ كورتە فیلمی ئاسایی و ئەویتریان تایبەتە بەتوندوتیژی دژ بەئافرەتان كە بۆتە نەریتێكی ساڵانە و لەئێستاوە لەخۆئامادەكردنداین بۆیان بەتایبەتی ئەوەی تایبەتە بەتوندوتیژی دژ بە ئافرەتان، چونكە دوو فیستیڤاڵەكەی پێشووتر سەرەتایەكی زۆر گرنگ بوو، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەم ساڵ شتێكی جوانتر و پێشكەوتووتر پێشكەش بكەین.

*** ئەی سەبارەت بەفیلمی درێژ چیتان كردووە؟**

- ئێستا یەك فیلمی درێژمان لەقۆناغی بەرهەمهێنانە بەناوی (مێژووی ون) لەدەرهێنانی حوسێن سێودین و بەپێی ئەو بودجەیەی لەبەر دەستماندایە هەوڵ دەدەین دوو تا سێ فیلمی دیكەی درێژ بەرهەم بهێنین، ئەمە جگە لەوەی ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر هەشت درامای تەلەفزیۆنیمان هەیە كە هەندێكیان لەقۆناغی بەرهەمهێنانە و زۆربەیان قۆناغی وێنەگرتنیان تەواو بووە.

*** سینەما بێ هۆڵ نابێ، وەك بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر چ هەنگاوێكتان ناوە بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتە، چونكە ئێستا خەڵكێكی زۆری بیانی سەردانی هەولێر دەكات، هەروەها بینەری كوردیش پێویستی بەهۆڵ هەیە؟**

- لەو بڕوایەدام ئەو بزاوتە و پێشكەوتنە سینەماییە خێراییەی كە لەپایتەختی كوردستان هەیە لەهیچ شارێكی دیكە نییە، ئەوەی تا ئێستا هەبوو چەند هۆڵێكی كەرتی تایبەت بوون لەوانە سینەما سەلاحەدین كە بەكۆنترین هۆڵی سینەما دادەنرێت لەكوردستان و لەساڵی ١٩٤٨ دامەزرابوو، دروستكردنی هۆڵی نمایشكردنی فیلمی سینەما ئەركی كەرتی تایبەتە نەك كەرتی گشتی، بۆیە بەشانازییەوە دەڵێم ئەم ساڵ لەیەكێك لەمۆڵەكانی هەولێر پێنج هۆڵی سینەمایی دروستكردووە و دوای ئەوەی سەردانمان كردن دەركەوت كە كارێكی زۆر ئەكادیمی زانستی و زۆر سەركەوتوو بووە، بەهەمان شێوە لەمۆڵێكی تری شاری هەولێر كار دەكرێت بۆ دروستكردنی پێنج هۆڵی دیكەی سینەما و لەو بڕوایەدام بەر لەكۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠١٢ هەولێری پایتەخت دەبێتە خاوەنی ١٠ هۆڵی سینەمای پێشكەوتوو.

*** هەماهەنگیتان چۆنە لەگەڵ خاوەنی ئەو هۆڵانەی بڕیار وایە بێنە دامەزراندن؟**

- هەماهەنگی باشمان لەگەڵیان هەیە و ئەوەی بۆیان باس كردین هۆڵەكان دابەش دەكرێن، یەكیان تایبەتە بەنمایشكردنی فیلمە كوردییەكان، یەكیان بۆ فیلمە بیانییەكان، هۆڵێكیان تایبەت دەبێت بۆ نمایشكردنی فیلمە سێ ڕەهەندی و شەش ڕەهەندی و نۆ ڕەهەندییەكان، ئەویتریشیان تایبەت دەبێت بەفیلمەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** وەك بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر بوونی فیستیڤاڵێكی تایبەت بەشاری هەولێر بەپێویست نازانن؟**

- ئێمە هەوڵ دەدەین گرنگیەكی زۆر بەسینەماكارانی سنووری پارێزگای هەولێر بدەین وەك باسم كرد ئەو سێ فیستیڤاڵە تایبەت دەبن بەهەولێر لەوانە فیستیڤاڵی هەولێر كە ئێستا لەسەر ئاستی فیستیڤاڵەكانی جیهانیش ناوی هەیە.

*** هەماهەنگیتان لەگەڵ فیستیڤاڵە سینەما جیهانییەكان چۆنە؟**

- خاڵی پێوەندیمان لەگەڵ فیستیڤاڵە جیهانییەكان فیلمەكانمانن ئەو فیلمانەی كە لەفیستیڤاڵەكان بەشدارن و خەڵاتیش بەدەست دەهێنن، تا ئێستا نزیكەی ٣٠ فیلمی كوردیمان هەیە وەكو كوردستان كە زیاتر لە١٠٠ خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە كەواتە ١٠٠ فیستیڤاڵی جیهانی، فیلمی كوردی بەفەرمی دەناسن، چونكە بەشداری تێدا كردووە و خەڵاتیشی بەدەستهێناوە و هەر هیچ نەبێ بەشداری كردووە.



# ئۆتۆمبێلێک بە٧٥ دەفتەر و کیم کارداشیان



کیم کارداشیان بەردەوام وەك لەژیانی ئاساییدا، هەمیشە ڕەفتاری جیاواز دەنوێنێت دەبێتە مایەی سەرســـوڕمانی هەموو لایەك، لەپێشکەشـــکردنی دیاری و خەڵاتیش جیاوازی هەیە لەگەڵ کەسانی ئاسایی.

کیـــم کارداشـــیان بەبۆنـــەی ڕۆژی لەدایکبوونـــی کاینی ویســـتی هاوڕێی ئۆتۆمبێلێکی لەجۆری لەمبرگینی بە دیاری پێشـــکەش کرد کە نرخەکەی ٧٥٠ هەزار دۆلارە، ئەوەی جێگەی ســـەرنجە پێوەندی نێوان کیم کارداشیان و ویســـت تەمەنی تەنیا ٣ مانگە و یەکسەر دوای جیابوونەوەی لە کریس هەمفریزی هاوســـەری ئەم پێوەندییەی نێوانیان دروست بوو، سەرچاوەیەك لەگۆڤاری (یۆ ئێس وێکلی)ی ڕاگەیاند، کارداشیانی تەمەنی ٣١ ساڵ لەیادی ٣٥ ســـاڵەی لەدایکبوونیـــدا ئۆتۆمبیلێکی لەمبرگینی جۆری ئەڤانتادۆر ئێل بی ٧٠٠-٤، ئەمەش بەدیارییەکی گرانبەها دادەنرێت کە کارداشیان پێشکەش هاوڕێی کردبێ و هەندێك کەسیش پێیانوایە ڕەنگە ئەم دیارییە بۆ توڕە کردنی کۆنە هاوسەرەکەی خۆی بێت.





# جنێڤەر هیچی لەگەڵ سـ

گۆرانیبێـــژی ئەمریکی جنیڤەر لۆپیز ئەو هەواڵانـــەی ڕەت کردەوە گوایە پێوەندی خۆشەویســـتی لەگەڵ دیزاینەری جلوبەرگ کاســـپر سمارت هەیە و ئێستا لەقۆناغی دەستگیرانیدا بن.

جنیڤـــەر لەماڵپەڕی ئەلیکترۆنی خۆیدا ئـــەو هەواڵەی ڕەت کردەوە کە هیچ پێوەندییەکی لەو جۆرەی لەگەڵ سمارت هەبێت کە دیزاینەری جلوبەرگە لەتیپەکەی خۆی و وتی: ئەمە بەهیچ شـــێوەیەك ڕاســـت نییە و لێرەوە بەجەماوەری خۆم دەڵێم ئەمە درۆیە و پێی هەڵمەخەڵەتێن.

لۆپیـــز کـــە وێنەیەکی خۆی لەگـــەڵ هەواڵەکە بەبێ ئەڵقـــە بڵاوکردەوە وەك ئاماژەیەك بۆ نادروســـتی هەواڵەکە و بەسەرســـوڕمانەوە پرســـی: من نازانم چ



## ئەنیستۆن و خۆشەویستەکەی باس لەڕاگەیاندن دەکەن

هەر یەکە لەئەستێرەی سینەمایی جنیڤەر ئەنیستۆن و خۆشەویستەکەی جاستین تیرۆ بەشداری لەکورتە فیلمێکدا دەکەن دەربارەی مامەڵەکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەگەڵیان و چۆنیەتی گواستنەوەی هەواڵەکانیان. ڕۆژنامەی نیویۆرك پۆست لەم بارەیەوە لەسەرچاوەیەکی نزیك لەم دوو ئەکتەرەوە ڕایگەیاند کە هەردوو ئەستێرە جنیڤەر و تیرۆ لەکورتە فیلمێکی تایبەتدا بەشداری دەکەن کە ڕەنگدانەوەی گرنگیدانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تایبەت بەبڵاوکردنەوەی کەتن و ئابڕوو بردنەکانی هونەرمەندان و وێنەگرەکانی باباراتزییە بەژیانی تایبەتی خۆیان وەك دوو هونەرمەند. ئەم فیلمە لەلایەن کۆمپانیای سمارت وۆترەوە بەرهەم دەهێنرێت و پێشبینی دەکرێت فیلمەکە وەك ڕیکلامێك بۆ کۆمپانیاکە بەکار بهێنرێت، سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکرا کە ئێستا تیرۆ یارمەتی جنیڤەر دەدات بۆ نووسینی سیناریۆی فیلمەکە و دەرهێنانی و بەپێی ئەو پلانەی بۆخۆیان دایان ناوە دوای چەند مانگێکی دیکە دەست بەوێنەگرتنی دەکرێت. شایەنی باسە کە جنیڤەر و تیرۆن لەساڵی ٢٠١١ـەوە پێوەندی خۆشەویستییان هەبووە، هەرچەندە بەم دواییە چەند سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەوانی بڵاویان کردەوە کە پێوەندییەکەیان سستی تێکەوتووە و دوور نییە جیا ببنەوە، بەڵام ئەوان هیچیان دەربارەی ڕاستی و نا ڕاستی ئەم هەواڵە بڵاو نەکردۆتەوە.

## مارت نییە

ڕێگایەك باشترین ڕێگایە بۆ وەستاندنی ئەم پڕوپاگەندانە کە هیچیان ڕاست نین و ئەمە یەکەم جاریش نییە دژی من ئەو شتانە دەوترێت و دڵنیاشم کە دواجاریش نابێت.

شایەنی باسە سەرەتای ئەم پڕوپاگەندانە بۆ مانگی ئاداری ڕابردوو دەگەڕێتەوە کاتێك دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ڕۆبێرتۆ کاڤالی خەریکی ئامادە کردنی جلوبەرگی بووکێنی جنیڤەرە.

## بەخشیشی ئەنجلینا

کارمەندانی چێشتخانەیەکی هیندی لە لەندەن زۆر دڵخۆش بوون کاتێك ئەنجلینا جولی و براد بێتی هاوسەری بەیاوەری چەند هاوڕێیەك و دوو پاسەوانی تایبەت سەردانی چێشتخانەکەیان کرد بۆ خواردنی ژەمێکی خواردنی هیندی لەوێ دانیشتن.

لەم بارەیەوە گۆڤاری (کلۆزیز)ی فەرەنسی بڵاویکردەوە کە کارمەندانی چێشتخانەی (موجول)ی تایبەت بەخواردنی هیندی تووشی سەرسوڕمان هاتن کاتێك براد بێت و ئەنجلینای هاوسەری بڕی هەزار یۆرۆیان وەك بەخشیش پێشکەش بەکارمەندانی چێشتخانەی ناوبراو کرد ئەمەش لەبری ئەو خزمەتە باشەی کە لەو ماوەی لەوێ نانیان دەخوارد پێشکەشیان کردن، بەهەمان شێوە خاوەنی چێشتخانەکەش دڵخۆش بوو، چونکە تەنیا ئەو شەو ئەنجلینا و براد و میوانەکانی بایی بڕی زیاتر لەچوار هەزار یۆرۆ خواردنیان خوارد.

لەهەمان کاتدا خاوەنی چێشتخانەکە میوانەکانی دڵنیا کردەوە کە ئەم بڕە پارەیە بۆ گرانی نرخەکانی چێشتخانەکەی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ جۆر و بڕی ئەو خواردنانە دەگەڕێتەوە کە داوایان کردبوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر بوتڵی شەراب و شامپانیای گرانبەها.



### ئەو ساتانەی کە لە زەیندا ناسڕێنەوە


# مەملەکەتی کۆڵانەکەمان

**ئەحمەد سالار**
مانگانە بۆ گوڵان دەینوسیت

هەتا تەمەن بەرەو ژوور هەڵکشێ، ئەوە یادگاریەکانی منداڵی شیرینتر وهەمیشە نازدارتری بەردڵان دەبێ، بەتایبەت بەر دەرگای ماڵ و کوچەو کۆڵان و گەڕەك و شوێنی گەمەو وازی، یان قوتابخانەی سەرەتایی بەحەوشەیەوە، بەمامۆستا و کتێب و تەختەڕەشی وانەخوێندن و دەنگ و شێوەی زەنگی قوتابخانەو پاڵەپەستۆی بەردەم فرۆشگەکەی و ریزبوونی بەیانیان و وتنەوەی سروودەکان و شەڕەشەقی بەردەم قوتابخانە کاتی بەربوون...

بەش بەحاڵی خۆم بەم تەمەنی شان لەشانی پیربوون گیرکردنەوە، هەرکە کورتە دەرفەتێکی شارم بۆ هەڵدەکەوێت هەرچۆن خووم پێوەگرتووە و هۆگری بووم راستەوخۆ دەکەومە دەورو خولی ئەو شوێنانەی کەچاوانم تیادا پشکوتووە.

ئاهێکی جەم لەسۆز گوشادی بەگیانما دێ و هەست دەکەم بینینم رۆشنتربووە، گەڕەکەمان گەڕەکی چوارباغ بوو ماڵەکەمان لە کۆتایی ئەو شەقامەدا کە سەرێکی لە خانەقای (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یەوە ئێمەش لە کۆتاییەکانی دا بووین، ئێستا لە دەستە ڕاستمانەوە بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانییە، هەر بەو بۆنەیەشەوە کورتە سەردانێکی (شێرکۆ فارس)ی بەڕێوەبەری باری شارستانی دەکەم کە ئازیزەو لەیاریزانە دڵسۆز و ڕەوشت



بەرزەکانی شارە.

پاشــان ســەرنجی ئەو دیوارە بەردینانە دەدەم کــە ڕۆژانــێ بــەرد بــە بەردیمان دەبژارد، ئەوســا یەکە یەکە سەیری دەرگاو پەنجەرەکانی ماڵەکانی کۆڵانەکەمان دەکەم، ئائەوەیــان ماڵــی پیاوە تــووڕەو تڕۆکەبوو کەدەیان تۆپی لاســتیکی دەدڕاندین ئەگەر بکەوتایەتە حەوشەکەیانەوە، بەدوو لەتکراوی و عەرەبانەیەك جنێــوەوە بۆی فڕێدەداینەوە، هەتــا ماوەیەکیــش هەریەکەمــان لەپەنا دەرگای ماڵێکدا خۆمــان گورگە دەکرد و فزەمان لێوە نەدەهات. لەوسەری کۆڵانەکەش ماڵی (شــەوکەت ئەفەنــدی) باوکی کاکە (عبدالقــادر) بوو، برادەری خۆشەویســتی باوکم بوو، هەندێ لــە کوڕانی گەڕەك کە لە ئێمە گەورەتربوون بەناوی ماڵی ئەوانەوە تەلەفونیان بۆ چێشتخانەی (عەلی سوور) دەکرد و داوای ســینیەك کەباب و کوبەیان دەکرد، ئەویش دەســتبەجێ بەشــاگردێکی پایسکل سواردا دەیناردو ئەوانیش دووراودوور سەرنجی هاتنەوەی مامۆستایان دەکرد کە چۆن چۆنی تووڕە دەبوو لە ڕقاندا سینیەکەی بەسەر شاگردەکەدا قڵپ دەکردەوە.

هــەر لەمەملەکەتــی کۆڵانەکەماندا دووخانــوو هەبوو کەهی جووتە برا (حاجی تاهیر و حاجی عەلی ) ســمایل عوزێری بوو، کەیەکێکیان بۆ کوڕەکانیان تەرخان کردبوو کە لە شــار دەیانخوێند لەگەڵ ئێمەدا لە برا براتر بوون، خانووەکیشــیان بەکرێ دابوو، بەو کەســەی ئەو ســەردەمانە لە جەربەزەیی و بوێریدا بێهاوشان بوو، خەڵکیی زەندەقی لێیان دەچوو، بەڵام مەردایەتی ئەو پیاوە ترسناکە لەوەدابوو گشت کەسانی کۆڵانەکەی بەخۆشك و دایك وبرای خۆی دەزانی، هەرکەدەگەیشتە ئاستی کۆڵانەکە سەری بەرز نەدەکردەوە، ئێمەش بــرادەری برا بچووکەکەی بووین دەیناســین زۆر بەڕێزەوە سلاوی لێدەکردین.

ئێوارەیەکیــان لەگەڵ دایکمــدا لەماڵی بابەگەورە کە بەرامبەر مزگەوتی خانەقابوو دەگەڕاینەوە ماڵێ، ئەو دەمە تەکسی ناوشار نەبوو لەبەردەم گومرگە سووتاودا عەرەبانەی (یایلی) واتە جووت ئەسپی دەوستان، هەرکە گەیشتینە ئاســتیان بەسەر شەڕدا کەوتین، ئەو دراوسێیەمان خەریك بوو عەرەبانچیەکە کەلــە پاچە بکات، هاوارم لێکرد کاکە لەبەر خاتری ئێمە وازی لێبێنە، ئێمە دەگەیەنێتەوە ماڵێ، وتی بەسەرچاو کاکە، ئەوە لەبەر تۆ لێی خۆشبووم.

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم ئەوانە سێ برابوون قەســاب بوون، هەرســێکیان شــەهیدکران، ئەمیــان لە(کانــی بۆگەنــە)ی خوار گردی شــێخ فەتــاح، (زەعیم صدیق) ی خوێنڕێژ گەمارۆی داو شــەهیدی کرد، دووەمیشــیان لەساڵی (١٩٦٣) دا لە (ســەرچنار) گرتیــان و وتیان جنێو بــە (بارزانی) بدە بــەرەڵات دەکەین لە وەڵامدا وتی ژیانێك لــە پای جنێودان بێت بە(بارزانی) شــەق لەو ژیانە هەڵ دەدەم هەرگیز نامــەوێ، ئەگەر مەردن بمکوژن داوای وا لەمن مەکەن، ئەوانیش بە بەرچاوی ئــەو خەڵکە لە پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە سەیریان دەکرد دەستڕێژیان لێکرد و شەهید بوو، کوڕی سێیەمیشیان لە پاش ڕاپەڕین شەهیدکرا.

**ئەوانە سێ برابوون قەساب بوون، هەرسێکیان شەهیدکران، ئەمیان لە(کانی بۆگەنە) ی خوار گردی شێخ فەتاح، (زەعیم صدیق)ی خوێنڕێژ گەمارۆی داو شەهیدی کرد، دووەمیشیان لەساڵی (١٩٦٣) دا لە (سەرچنار) گرتیان و وتیان جنێو بە (بارزانی) بدە بەرەڵات دەکەین لە وەڵامدا وتی ژیانێک لە پای جنێودان بێت بە(بارزانی) شەق لەو ژیانە هەڵ دەدەم هەرگیز نامەوێ**

لەسەر سوچی خوارەوەی کۆڵانەکەی پشتەوەمان ماڵی(مەلا فایەق)ی باوکی نووسەری تەنز ئامێز (کاکە ڕەفیق) بوو، دەستی لەجادو و (ســیحر)و چەشنەما هەبوو، هەتا هەنــدێ جار لەنێوانی ئەو ئاهەنگانەی کە لە ئامادەیی ســلێمانی کوڕان کە دەکرا، هونەرەکەی خۆی دەنواند.

کابرایەکی مەملەکەتەکە، گاڵتەو فشەی پێ دەهات، ڕۆژێ لەڕۆژانی زســتان بــوو ژمارەیەك لە پیاوانــی گەڕەك لەبەر بەرۆشــکە بەچیچکانە دانیشــتبوون، چەند کەسێکیان پارچە مقەباو لەتە گونییان ڕاخســتبوو خەریکی یاری (دامە) بوون، لەپڕا (مەلا فایەق) هات و بەرامبەریان ڕاوەســتا، سەیرێکی کابرای گاڵتە پێکەری کردوو ئەو دەستەســڕەی کە هەمیشە لەملــی دەنا بەتوندی ڕایکێشــاو پاشــان کردییــەوە ملی و کڵاوەکەی سەری خولانەوەو کابراش قاقایەکی لێدا پێی گوت ئادەی سیحرێکمان بۆ بنوێنە.

ئەویش وتی: خەڵکینە داخی ئەم زەرتە زەلامە لە ســنگما کەڵکە بووە، ئێســتا بە بەرچاوی ئێوەوە پێی دەنوێنم شــەرتە هێلکەی پێبکەم، هەمووان حەپەساین و هەستاینەوە ســەرپێ، تەنها کابرانەبێ، لەجێی خۆی نە بزواو گڕژ بوو پێی وت: تۆ هێلکە بەمن دەکەی ؟

مــەلا فایــەق هاواری لــێ کردو : دە فەرمــوو هەســتە بەچــاوی خوت ببینە کە هەســتای هێلکەیەك لەپزوی شــەرواڵەکەیەوە بەربۆوە و کابرا ئەبڵەق بوو.

**بەم تەمەنی شان لەشانی پیربوون گیرکردنەوە، هەرکە کورتە دەرفەتێکی شارم بۆ هەڵدەکەوێت هەرچۆن خووم پێوەگرتووە و هۆگری بووم ڕاستەوخۆ دەکەومە دەورو خولی ئەو شوێنانەی کەچاوانم تیادا پشکوتووە**

مەلاش بەو پەڕی دەمــاغ بەرزییەوە پێی گوت: ئادەی زەحمەت نەبێ خێرێ گۆڕەکەی باوکت بزانــە ئایە هێلکەکە جووت زەردێنە نییە؟